ئاریان عومەر هونەرمەندە شانۆییەکانیش شانۆییەکان نابینن، بۆ نایبینن؟

هونەرمەندی شانۆکار (ئاریان عومەر ئیبراهیم) شانۆکارێکی بەتوانای هونەری نواندنەو لە (٣٨) کاری شانۆیی رۆڵی بینیوە، لەساڵی (١٩٩٣) پەیمانگای هونەرەجوانەکانی لەسلێمانی تەواوکردووە ئێستاش فەرمانبەرە لەبەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆ لەسلێمانی لەدیدارێکدا ئەو گفتوگۆیەمان لەگەڵیدا سازدا.

پرسیار: رۆڵی وەزارەتی رۆشنبیری چۆن دەبینی لەهاوکاری بزاڤی شانۆییدا؟

وەڵام/ وەزارەتی رۆشنبیری ئەبێ یەکەم فاکتەربێ بۆ هاوکاری کارەهونەریەکان. من وەك شانۆکار ئەدوێم ئەبێ زۆر لەئێستا زیاتر هەوڵی پێوە دیاربێ، بۆ دابینکردنی پێداویستیەکانی شانۆکاران، دوور لەسستی ئیداری بەکردار وەك پسپۆڕانی هونەری لەکێشەکانی هونەرمەندانو کارە هونەریەکان تێبگەن.

پرسیار: دەڵێن شانۆی کوردی لەقەیراندایە بەڕای تۆ بەپێچەوانەی ئەم راستە واتە شانۆ لەناستێکی بەرزدایە؟

وەڵام/ شانۆ پێکهاتەی ئەکتەرو بینەرە هەموومان هەر ئەڵێین لەقەیراندایە ئێ باشە ئەی هۆکاری ئەم قەیرانە چییە؟ کە ناگەڕێین بەدوایدا وەك هونەرمەندە شانۆییەکان من وەك خۆم ئەڵێم گەورەترین هۆکار نەبوونی هۆڵی شانۆییە کە هەر هەمووی بەنرخی خەیاڵیە کرێکەی وە دووهەم بەڕاستی سستی شانۆکاری تیایە باشە با ئێمە هەموو لەسەر ئەوە رێکبکەوین بزانین چی ئەکەینو چ کارێ بکەین بینەریش بێگومان هەر بینەرەو روو لەکاری چاکو هونەری ئەکات ئەگەر ئێمە بزانین چی پێشکەش ئەکەین وە کاریش هەر بەردەوامە هەر ئەشکرێت، ئەگەر ئەکتەر خۆی فەرامۆش نەکات لەبەرکاری دراماو تەلەفزیۆنی، چونکە بەڕاستی ماندوویەتیو نەفەسی درێژی لەشانۆدا دەردەکەوێت کاری زیاتر پێویستە بەدەر لەکاری کامێراییەکان وە زۆربەی کارە شانۆییەکانیش هونەرمەندە شانۆییەکان خۆیان نایبینن بۆ نایبینن؟ ئەمە کێشەکەیە.

پرسیار: تۆ زیاتر لەکارەشانۆییەکان بەشداری دەکەی ئارەزووی خۆتە یا کاری بەردەم کامێرات رووبەڕوو نەبۆتەوە؟

وەڵام/ وەك ئاماژەم پێدانی زیاتر وەك خۆم چێژ لەکاری شانۆیی دەبینم چونکە رووبەڕوو بوونەوەی جەستەیی‌و ڕوحییە لەگەڵ بینەردا، بینەرەکە لە شانۆدا بۆنی ووشەو جوڵەکانت دەکات هەستێکی ڕاستەوخۆ هەیە، وە ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کاری تەلەفزیۆنو کامێرام نەکردبێ لەساڵی ١٩٨٠ لەزنجیرەی (ژاڵە) دا بەشداریم کردووە وەك ئەکتەر لەدەرهێنانی مامۆستا (ناسر حەسەن) وە هەروەها (سندوقەچا، گێلەپیاو، یاخی بوونی ستار)و هتد.

پرسیار: چەند ساڵ پێش نێستا لەچەند کارێکی شانۆیی کۆمیدی رۆڵت بینی ئایا تا چەند لەوکارانەت ڕازیت؟

وەڵام/ لای من جوانترین کار، لای ئەکتەر ئەو کارەیە کە هێشتا نەیکردووە بڕیاری باشیو خراپی دەدا ئەویش بەباری رەخنەوە، چونکە هەموو کارەکان لەرۆژی نمایشەوە ئەبێتە مولکی بینەر دوای تەواوبوونیشی ئەبێتە مێژوو، بەڵێ من خۆم زیاتر حەزم لەکۆمیدیایەو زیاتر خۆم لەوبوارەدا دەبینمەوە، بەڵام کۆمیدیای رەش ئەو کۆمیدیایەی مەبەست داربێت لەرێگەی ئیشکەوە هەمان ئامانجی کارە مەرگەساتە بەمەبەستەکانی وە من کارێ ناکەم خۆم باوەڕی تەواوم پێی نەبێت بەڵێ وەك خۆم لەگشت کارە کۆمیدیەکانم ڕازیم، بەڵام بینەری خۆشەویست، رەخنەگرە ئەکادیمیە بەرێزەکانیش سەرەبەستنو بڕیاری باشو خراپی لێبدەن، چونکە کارەکە دەبێتە هی ئەوان.

دیدار: رێبواری ئازادی

گێرانەوەی جانتایەك خاوەنەکەی شاگەشکە کرد

پیاوێکی دەست پاك بەناوی ژان سۆرهۆڤ لەسەر کورسیەکی پارکی سۆسالیتری نزیك سانفرانسیسکۆ جانتایەکی ژنانەی دۆزیەوە، سەیری کرد ئەنگوستیلەیەکی ئەڵماسو ملوانکەیەکی مرواریو زمرووت، کاتژمێرێکی کارتیەو ٥٠٠ دۆلاری تێدایە، بەپەلە خۆی گەیاندە بنکەی پۆلیسو جانتاکەی پێ سپاردن. دواتر پۆلیس ئەم جانتایەی بۆ خاوەنەکەی گێرایەوە کە دانیشتووی شاری تۆرنتۆی کەنەدابوو، بەمەبەستی بەشداری کردن لەزەماوەندی ناسیاوێکیان هاتبوونە کالیفۆرنیا.

لویی وبتۆن خاوەنی جانتاکە، کاتێ جانتاکەی وەرگرتەوە، بەرۆژنامەنووسانی گوت: من جانتاکەم دابووە دەست مێردەکەم کەچی ئەو لەناو پارکی سۆسالیتر لەبیری کردبوو، ئێستا ناتوانم باوەڕ بهێنم کە مرۆڤێك ئەو جانتایەی دۆزیبێتەوەو بۆ خۆی گلی نەدابێتەوە، هەڵبەت ئەو کەسە فریشتەبووە نەك مرۆڤ. ئەوەی شایانی گوتنە ئەگەر ئەو کابرایە جانتاکەی بۆ خۆی بگێرابایەوە، زیاتر لەیەك ملیۆن دۆلاری دەسەت دەکەوت، بەم کابرا گوتبووی ویژدانی خۆم بە هەزاران ملیۆن دۆلار ناگۆڕمەوە.

ئارەزووی ئاسمانی وڵاتەکەم دەکەم



داریوش یەکێکە لەگۆرانبێژە ناودارەکانی جیهان، خەڵکی ئێرانەو تەمەنی ٥٥ ساڵە، لە١٩ ساڵیەوە دەستی بە گۆرانیگوتن کردووە. لەدیدارێکیدا بەخەمبارییەوە گوتی: من دەتوانم سەفەر بۆ هەموو وڵاتێکی جیهان بکەم تەنیا زێدی لەدایکبوونو نیشتیمانی خۆم نەبێ!!، ئەمە گەورەترین ئازارە بۆ من، ئارەزوومە کە بتوانم جارێکی دیکە لە ژێر ئاسمانی شینی ئێراندا بتوانم بە ئازادی گۆرانی بۆ خەڵکی وڵاتەکەم بچڕم

خاڵێ ئەوراکس دەڵێ

بەڕیوەبەری قوتابخانەیەکی ناوەندی کچان لەهەولێر زۆر باس لەرەوشتو ئاکاری بەرز دەکات، گەفو هەڕەشە لەکچان دەکاتو چاویان لێ سوورەکاتەوەو پێیان دەڵێ: نابێ تێکەڵاوی کوڕان بکەن. چەند رۆژێك لەمەوبەر گەشتێك بۆ قوتابیەکان رێکدەخاتو پێیان دەڵێت: بڕیارمداوە بتانبەمە شوێنێکی خۆش، دەچینە شوێنێك کە چاوی کوڕانمان لێ دوربێت، سەیرانێك دەکەینو باسی زانستی پێشکەوتن دەکەین، بۆتان نیە مۆبایل لەگەڵ خۆتان بێنن، نامەوێ کەس تەلەفۆنتان بۆ بکات. کچەکان خەریکی سەیرانی خۆیان دەبن، لەناکاو چەندین مۆنیکای پڕ چەکدار دەبنە میوانیان، کچەکان دەترسن، بەڵام خانمی بەڕێوەبەر هێوریان دەکاتەوەو پێیان دەڵێ: هەقە مەمنون بن کە ئەو بەڕێزانانە لەکاتی خۆیان کوشتووەو هاتوون قسەتان بۆ دەکەن. ئیتر کاکی مەسئولیش بە ئارەزووی خۆی باسی مێژووی حزبو سەروەریو دەستکەوتەکانیان بۆ دەکاتو پێیان دەڵێ: ئەگەر دەتانەوێ ئایندەیەکی باشتان هەبێ، دەبێ هەمووتان ببنە ئەندامی حزب، ئەگەرنا خۆتان زەرەر دەکەنو پەشیمانیش دەبنەوە!!. دواتر دەرکەوتووە کە ئەو خانمە لەلایەن حزبەوە پێیسپێردرابوو ئەو قوتابیانە بۆ کۆبوونەوەیەکی حزبی ئامادە بکات.

* رۆژی یەکەمی نەورۆز بەرپرسێکم بینی زۆر بەخێرایی مۆنیکای لێ دەخوڕی، بەردەوام هۆڕنی لێدەداو شۆفێرەکانی ناچار دەکردن کە رێگەی بۆ چۆڵ بکەن، خەڵکی وایان دەزانی کارێکی بەپەلەی هەیە، یان نەخۆشێکی هەڵگرتووە، دواتر دەرکەوت ویستوویەتی زووتر بگاتە ناوچەی هەنارەو شوێنێکی باش بۆ منداڵەکانی پەیدا بکاتو لێی دابنیشن!.

* تا رۆژەکانی جەژنی نەورۆز نەمدەزانی حکومەتی هەرێم ئەو هەموو پۆلیسو ئاسایشەی هەیە، لەسەر ئەو رێیانەی لەشارەکانەوە دەردەچوون ئەوەندە پۆلیسو ئاسایش ریزکراوبوون، هیچیان لەژمارەی ئەو خەڵکانە کەمتر نەبوو کە بۆ سەیران دەڕۆیشتن.

* دەڵێن بەرپرسێکی ئاسایش، ئەوانەی لێکۆڵینەوە لەگەڵ گیراوانی رۆژی ١٦ی سێی هەڵەبجە دەکەن، گوتوویەتی: کامێراکانی پەیامنێران زۆر ئاسانکاریان بۆ کردووین، لەرێگەی ئەوانەوە توانیوومانە زۆربەی ئاژاوەگێڕەکان شوناسایی بکەینو بیانگرین، هەروەها لە رێگەی سەندوقی رەشی کۆمپانیاکانی مۆبایلەوە توانیوومانە تەواوی ئەو قسانە وەربگرین کە چۆن ئەندامانی لایەنێك داوای سوتاندنی مۆنیۆمێنتی هەلەبجە دەکەن!.

جەبار سابیر

بێ تووتنی

کابرا بانگەوازی بۆ وەرگرتنی پاسەوانی تایبەتی کردبوو بۆیە ئەوانەی هاتبوون کۆیکردنەوەو کەوتە تاقیکردنەوەیان، وتی کوڕینە من تەنیا یەك پرسیار ئاراستەی هەمووتان دەکەم، گەر زانیتانو وەڵامێکی باشتان دایەوە ئەوا وەك پاسەوانی باوەڕپێکراوو نمرە یەکی خۆم حسابتان بۆ دەکەم. هەموو چاوەڕێبوون کابرا پرسیارەکەی لەسەر مێژووی کوردو شۆڕشەکانو سەرکردەکانی کوردبێت، بۆیە گوێ قولاغ بەدیارییەوە دانیشتن. وتی کوڕینە پرسیارەکەم بەسیتتر دەکەمەوە ئەویش ئەمەیە (من بێ تووتنم بێ تووتن.؟)ئیتر ئێوە تا هەفتەیەکی تر مۆڵەتتان هەیە وەڵامەکەیم بۆبێننەوەو منیش رەزامەندی لەسەر راستیو دروستی وەڵامەکەتان دەربڕمو دەتان کەمە پاسەوانی تایبەتی خۆم.

دوای هەفتەیەك (نۆ) کەس لە(دە) کەسەکەی بەپیر بانگەوازەکەی کابراوە چووبوونو گوێیان بۆ پرسیارەکەی راگرتبوو هەریەکەیان وەڵامی خۆی هێنابۆوەو کابراش بەدیاریانەوە دانیشت. ئادەی کوڕینە بابزانم چیتان کردووە.؟ یەکەمییان یەك فەردە تووتنی خستە بەردەم کابراو وتی گەورەم ئەمە تووتنی سامسۆنە، دەرەجە یەکەو لەباشیدا وێنەی نییە، کابرا ئەسڵەن سەیریشی نەکرد. دووەمیان یەك کارتۆن جگەرەی مارلبۆرۆی ئەسڵی هێنابوو لەو جۆرەی پاکەتەکەی وەك گونکە هەویر لەدەستەکانتدا ئەپلیشێنەوەو جگەرەکانیش ناشکێن، وتی گەورەم ئەمە لەوانەیە کە خاوەن کۆمپانیاکانی ئاسیاو سانا دەیکێشن! بۆنەکەی ئەوەندە خۆشە لەموعەتەری فەرەنسی گەلێك نایابترە. کابرا خوێن گرتی هێندە پەست بوو بەڵام سەر خۆی نەهێناو وتی سێهەمو چوارەمو پێنجەمو شەشەمو حەوتەمیش هیچ با هەشتەمو نۆیەم وەڵامەکانیان پێشانبدەن.؟ هەردووکیان مەڕێکی قەڵەویان هێنابوو وتیان گەورەم ئەمە باشترین مەڕی ئاواییەکەمانە بۆتۆمان هێناوە، کابرا لەپەستیدا نەیدەزانی چیبکات قیژاندی سەگبابینە وادەزانن لەبرسا مردوین و دەساڵە گۆشتمان نەخواردووە، مەڕم بۆچییە.

کاتێك کابرا چاوی بۆ دەیەم کەس گێڕاو لەبری ئەو کچێکی وەك مانگەشەو بەپێوە وەستابوو هیچی نەوت تا کچە هاتە قسەو وتی قوربان من وەڵامی فلانە کەسم، یاخود باشترە بڵێم من لەبری ئەو هاتووم ئەو دواتر خۆی دێتە خزمەتت. کابرا زانی دەیەم کەس لەفیکەو پرسیارەکەی ئەم گەیشتووە، نەڕاندی بەسەر نۆکەسەکەی تردا، کەربابینە ئێوە دەماختان لەسەردا نییە، ئەوەی من داوامکردووە لێتان ئەم جۆرە تووتنەیە ئیتر چی لەتوتنی سامسۆنو جگەرەی مارلبۆرۆو مەڕی قەڵەو کەم. بێتووتنی من ئەمەی نەك ئەوەی ئێوە ئەقڵتان بۆی چووە، ئەو کەسە شایانی ئەوەیە ببێتە پاسەوانی تایبەتی من نەك ئەوانەی تووتنی سامسۆنو مارلبۆرۆم بۆ دێنن.

Jabardllopa@yahoo.com

ROJI GEL
Weekly Newspaper Issued By: Rizgary Party Of Kurdistan-RPK
Mob:07701398499 07301191497
پێگەی ئینتەرنێتی
www.rojigel.tk
www.rpk93.org
پۆستی ئەلیکترۆنی
rojigel@hotmail.com
rpk93@hotmail.com